# كاتەكانی نوێژە فەرزەكان

﴿ أوقات الصلوات المفروضة ﴾

[ كردي – كوردی – kurdish ]

زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ أوقات الصلوات المفروضة ﴾

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# کاتەکانی نوێژە فەرزەکان

سوپاس وستایش بۆ ئەو خوایەی کە بەڕەحم ومیهرەبانی خۆی ئەو پەنجا نوێژەی کە لەسەر ئومەتی ئیسلام واجب وپێویست کرابوو سووکی کرد و کردی بە پێنج نوێژ لەشەو ڕۆژێکدا لەهەمان کاتدا خێر و پاداشتی ئەو پەنجا نوێژەیشی هەیە، وە صەڵات و سەلامیش بۆ سەر گشت پێغەمبەران بەتایبەتی محمد المصطفی کە پێداگری کرد لەسەر ئاسان کردنی نوێژە فەرزەکان لەسەر ئومەتەکەی، وەلەسەر گشت یار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستان لە بابەتی ئەمجارەماندا سەرەتا وکۆتای کاتی نوێژەکانتان بۆ ڕوون دەکەینەوە، مەبەستمان کاتی نوێژە فەرزەکانە : سەرەتا و کۆتایی کاتەکانیان کامەیە چونکە هاتنی کاتی نوێژەکان مەرجی سەرەکی دروست بوونی نوێژەکانە، چونکە ئەگەر کاتی نوێژ نەهاتبوو دروست نیە مرۆڤی موسڵمان نوێژ ئەنجام بدات.

دەربارەی کاتی نوێژەکانیش ئەم فەرموودە کاتەکانیان دیاری دەکات :

عن عبد اللَّهِ بن عَمْرٍو أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) قال وَقْتُ الظُّهْرِ إذا زَالَتْ الشَّمْسُ وكان ظِلُّ الرَّجُلِ كَطُولِهِ ما لم يَحْضُرْ الْعَصْرُ وَوَقْتُ الْعَصْرِ ما لم تَصْفَرَّ الشَّمْسُ وَوَقْتُ صَلَاةِ الْمَغْرِبِ ما لم يَغِبْ الشَّفَقُ وَوَقْتُ صَلَاةِ الْعِشَاءِ إلى نِصْفِ اللَّيْلِ الأوسط وَوَقْتُ صَلَاةِ الصُّبْحِ من طُلُوعِ الْفَجْرِ ما لم تَطْلُعْ الشَّمْسُ فإذا طَلَعَتْ الشَّمْسُ فَأَمْسِكْ عن الصَّلَاةِ فَإِنَّهَا تَطْلُعُ بين قَرْنَيْ شَيْطَانٍ { رواه مسلم ٦١٢. واحمد ٢/ ٢١٣. وأبو داود ٣٩٦. والنسائي ١/ ٢٦٠} .

واتە : عەبدوڵڵای کوری عەمری کوری عاێ (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەر خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: کاتی نیوەڕۆ کاتێکە خۆر لە ناوەراستی ئاسمان بترازێت و سێبەری پیاو بەئەندازەی خۆی درێژ بێت مادام عەسر نەهاتبێت کاتی عەسریش هەتا پێش خۆر زەر هەڵگەران، کاتی نوێژی مەغریبیش هەتا وون بوونی رووناکی ئاسۆ، کاتی نوێژی عیشاش هەتا نیوەی شەو، کاتی نوێژی

بەیانیش لەبەرەبەیانەوە هەتا پێش خۆر کەوتن کەخۆر هەڵهات نوێژ مەکە چونکە خۆر لەنێوان دوو شاخی شەیتاندا هەڵدێت.

**ئێستا کاتەکان یەکە یەکە باس دەکەین :**

**أ ـ نوێژی بەیانی :** کاتەکەی دەست پێ دەکات بەدەرکەوتنی بەیانی (سپێدەی) راستگۆ هەتا رۆژهەڵدێت، قال رَسُولُ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) "وَوَقْتُ صَلَاةِ الصُّبْحِ من طُلُوعِ الْفَجْرِ ما لم تَطْلُعْ الشَّمْسُ " { رواه مسلم ٦١٢. } .

پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: کاتی نوێژی بەیانی لەهەڵهاتنی بەیانەوە هەتا پێش خۆرکەوتن.

**ب ـ نوێژی نیوەڕۆ :** کاتەکەی دەست پێ دەکات بەلادانی خۆر لەناوەراستی ئاسمان بەلای خۆرئاوادا هەتا سێبەری هەموو شتێك بەقەدەر خۆی لێ دێت جگە لە سێبەری لادان کەسەرەتای کاتەکەیە.

" وَوَقْتُ الظُّهْرِ إذا زَالَتْ الشَّمْسُ وكان ظِلُّ الرَّجُلِ كَطُولِهِ ما لم يَحْضُرْ الْعَصْرُ" { رواه البخاري ٥٥٦ و مسلم ٦٠٨} واته : پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : کاتی نیوەڕۆ کە خۆر لابدات لەناوەراستی ئاسمان و سێبەر هەموو کەسێك بەقەد درێژی خۆی بێت بەمەرجێك عەسر نەهاتبێت.

**ج ـ نوێژی عەسر:** بەکۆتایی هاتنی کاتی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات هەتا خۆر ئاوا دەبێت، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : "وَمَنْ أَدْرَكَ رَكْعَةً من الْعَصْرِ قبل أَنْ تَغْرُبَ الشَّمْسُ فَقَدْ أَدْرَكَ الْعَصْرَ " { رواه مسلم ٦١٢} واته : هەرکەس رکاتێك لەنوێژی عەسر فریابکەوێت پێش ئاوا بوونی خۆر ئەوە گەیشتووە بە نوێژی عەسر دا. بەڵام کاتی هەڵبژاردەی نوێژی عەسر ئەوە یەکە دوای نەخات لەوکاتەی سێبەری هەموو شتێك دوو ئەوەندەی خۆی لێ دێت ، جگە لە سێبەری لادان وەك پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : " وَإِنَّ آخِرَ وَقْتِهَا حِينَ تَصْفَرُّ الشَّمْسُ " { رواه مسلم ٦١٢} واته: کاتی عەسر تا پێش لەخۆر زەرد هەڵگەرانە.

**د- نوێژی ئێوارە :** کاتەکەی بەئاوا بوونی خۆر دەست پێ دەکات هەتا سوورایی کاناری ئاسمان نامێنێت، " وَوَقْتُ صَلَاةِ الْمَغْرِبِ ما لم يَغِبْ الشَّفَقُ" { رواه مسلم ٦١٢} واته: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : کاتی نوێژی ئێوارە تا پێش ئاوا بوونی سوورایی کەناری ئاسمان دەمێنێت .

**ه ـ نوێژی عیشا:** کاتەکەی بەکۆتایی هاتنی کاتی ئێوارە دەست پێ دەکات تا هەڵهاتنی بەیانی راستگۆ بەڵام کاتی هەڵبژاردە ئەوەیە لە سێ یەکی یەکەمی شەو

دوا نەخرێت، قَالَ رَسُولَ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ): " أَمَا إِنَّهُ لَيْسَ فِى النَّوْمِ تَفْرِيطٌ إِنَّمَا التَّفْرِيطُ عَلَى مَنْ لَمْ يُصَلِّ الصَّلاَةَ حَتَّى يَجِىءَ وَقْتُ الصَّلاَةِ الأُخْرَى " { رواه مسلم ٦١٨} واته: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : دەسا دڵنیابن لە خەوتندا درێغی و گوێ پێ نەدان نیە، بەڵکو درێغی کردن لەوەدایە کەسێك نوێژەکەی نەکات هەتا کاتی نوێژێکی تر دێت.

خۆشەویستان ئەم فەرموودە ئەوە دەگەیەنێت کە کاتی هیچ نوێژێك کۆتایی نایەت تا کاتی نوێژەکەی دوا خۆی نەیەت، بەڵام نوێژ بەیانیان لەم یاسایە بەدەرە، چونکە پێش هاتنی کاتی نیوەڕۆ کاتی نوێژی بەیانی کۆتایی دێت بەهەڵهاتنی خۆر.

بەئومێدی ئەوەی توانیبێتمان سوودێکمان پێ گەیاندبن و شتێکمان لەخەرمانی زانیاریتان زیاد کردبێت ...

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم